## بۆ ئەوەی دوێنێمان بیر نەچێتەوە

# یەکەمین یادکردنەوەی کیمیا بارانی هەڵەبجەو ئەنفال

د. عوسمان قادر



ڕووناکییەک بۆ سەر یەکەمین یادکردنەوەی مەرگەساتی ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجە1988 .

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و بۆمبارانکردنی زۆربەی کوردستان بەکیمیاوی و بەتایبەتی شاری هەڵەبجەی شەهید، بەندە کە لە مەڵبەندی یەک پێشمەرگە بووم وە بووم بە شایەت حالی ئەنفالی 2-3(کۆمەڵکوژیی)ی کورد لە قەرەداخ و گەرمیان بە سودفە و نازانم چۆن توانیم کە بەسەلامەتی دەربچم، ئەم چیرۆکە زۆر هەڵدەگری ڕەنگە لێرەدا شوینی باسکردنی نەبیت. پاشان خۆم گەیاندە قەندیل و پاش ماوەیەک نیردرام بۆڕاگەیاندن کە ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکیتی تازە گەیشتبونە سەقز لە کوردستانی ئیران . هەر لەوێ چاوم بە هاورێیانی هونەرمەندم کەوت(ڕەمزی قوتبەدین، ریبوار سعید،ئەردەلان،ریبوار خالید) دوای دابرانێکی زۆر وەک سەربازێکی زۆر ماندوو هەڵگری بینینی ئەو هەمووەمرگەسات و وێرانکاریانەی لە شالاوەکانی بەعس بینیبومان ،تینوی کار کردن بووین هەر یەک بە شیوازی خۆی، یەکیتی نیشتمانی لە وکاتەدا پشتیوانمان بوو، بەدابین کردنی هەموو پیویستیەک بۆ بەرهەم هێنانی کاری هونەری مەتریال، کەرەسەیەکی باشمان لەبەردەستا بوو، ئەمانە پالنەرێکی زۆر باش بوون بۆ کار کردن لەدوای بەرهەم هینانی کۆمەڵێ کاری باشی هونەریمان ئامادەکرد ،لەهەمان کاتدا وەک گروپێکی هونەری شێوەکاری کارەکانمان بەریوە چوو، و گفتوو گۆو ڕەخنەی باشمان لەسەر شیوەی کارەکانمان دەکرد هاتووچی هونەریمان لەگەل هونەرمەندانی سەقزو سنەدا هەبوو.من لەماوەیەکی کەمدا لەلایەن خانەی فەرهەنگ و هونەری سەقزەوە بەداواکاری خۆیان بەرەسمی بووم بە مامۆستای هونەر لە خانەی فەرهەنگی شاری سەقز کە توانیم شوێن دەستی خۆم لەم شارە خۆشەویستەدا دیاری بکەم و خزمەتێکی بەرچاوی هونەریی بەگەنجانی شاری سەقزی خۆشەویست بکەم. لەهەمان کاتدا وەک کارمەندیکی ڕە سمی گەواهییەکیان بۆ دروست کردم، وەک مامۆستای هونەر سەر بەئوستانی کوردوستان کە توانای هاتوو چۆ کردنم بۆ ئازاد بوو لە هەموو ئیراندا. لەوکاتەدا هاتووچۆی هاوریکانم و هەموو پێشمەرگە بە شیوەیەکی ئاسان نەبوو، دەبوو ڕەزامەندی قەرارگای ڕەمەزانی بۆ وەربگرن بۆ ئەوەی لە( شاری سە قز ) بچینەدەرەوە، هەر ئەو گەواهییە ڕێگای پێدام کە زۆر چالاکی هونەری لە شارەکانی تری ئیران، پێ ئەنجام بدەم.

لەوکاتانەدا کە چالاکیی سەربازی نەمابوو سەرکردایەتی( ینک) زۆر بایەخیان بەم چالاکییانە دەدا بەندە چەند جارێک لەسەر داوای بەڕێز مام جەلال تابلۆی خۆم و هاوڕێکانم بردوە، بۆ نیشان دانی لای کۆمە ڵێ (ڕۆژنامەنووسی بییانی لە کرماشان کە میوانی مام جەلال بوون 1989 )...جێگای سەرنج و تێڕوانینی هەموو ڕۆژنا مەنووسەکان بوو، زۆر بەبایەخەوە خویندنەوەیان بۆ هونەرەکە دەکرد، جیگای تێڕامان بوو بۆیان کە ئیمە لەکاتیکدا شەڕی خۆڕاگری دژی ڕژیمێکی وەک بەعس دەکەین، لەهەمان کاتدا،ڕەوتی ڕۆشنبیری وهونەر ڕۆلی خۆی بینیوە وە بی کاریگەری حیزبی لەسەر کارەکان. ئەم تیبینی و هەڵوێستانە زیاتر لای بەرپرسانی یەکێتی جێگیربوون ،هەر بۆیە چەند جاریک ئەم جۆرە سەردانانەم بۆ میوانەکانی مام جەلال لە کرماشان دووبارە بوەوە و مام جەلال م زۆر خۆشحال بوو ،چەند جاریک خۆشحاڵی خۆی دەربڕی لە ئامانجگیریی کارەکانمان و دەستخۆشیی لیکردین و ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمرۆ رۆژی ئەوەیە هونەر ڕۆڵی شۆڕش بگیڕیت لە گیڕانەوەی خۆڕاگری و مەرگەساتەکانی گەلەکەماندا..

لەسەردانەکانمدا بۆ تاران توانیم هەندی پەیوەندیی گرنگ دروست بکەم لە گەڵ گەلەری و سەنتەرە هونەرییەکاندا کە زۆر گرنگییان بەکارەکانمان دا چەند پێشانگایەکی گرنگمان ئەنجام دا لە گەلەری مەیدانی ئازادی، گەلەری خانەی سوورە لە تاران ،هەروا لە چەند شاریکی تر کارەکانمان نیشاندا، دیارە کارە هونەرییەکانیش هەموو گیرانەوەی کارەساتەکانی ئەنفال و هەلەبجە بوون بۆ ناساندنیان بە هەموو دنیادا.

لە زستانی 1989دا لەڕێگای پەیوەندیەکانی یەکێتیەوە لەتاران( وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی ئێران ) داوای دروستکردنی پرۆژەیەکی هونەریان کرد دیارە هاوڕییان بەندەیان بە نوینەری خۆیان دانا و چووم بۆتاران لەوکاتەدا کاک حسێن سنجاری نمایندەی( ینک) بوو لەتاران لەگەڵ بەرپرسی وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامیدا ڕووبەڕوی کردمەوە. کە ناوی (ئاغای ئەنساری) بوو .باسی لە پرۆژەو هەدەفی پرۆژەکە کرد کە لە سالی 1989دا لەتەواوی دنیاداو بەتایبەتی ئەوروپا دەیانەو یٚت هاوکاریمان بکەن بە ناردنی تابلۆکانمان و د روستکردنی پۆستەرو کارت و بلاوکردنەوەیان بەنوسینی مەسیجێک بۆ خەڵک لەسەر کیمابارانی هەڵەبجە لە پشتی کارتەکان و ئیمزای خۆمانی لەسە ر دادەبنێن وەک پڕووپاکەندەیەکی زۆر بۆ بەئاگاهێنانی دنیا لە بۆمبارانکردنی هەلەبجە بەکیمیاوی لەلایەن عیراقەوە ،چونکە ئیوە شایەتحالی راستەقینەن ئیمە دەمانەویت ئەو هیرشە میدیاییە ی دەولەتانی لایەنگری رژیمی سەددام بەدرۆبخەینەوە کە دەلین ئیران هەلەبجەی بە کیمیاوی بۆمباران کردووە بۆ بەتال کردنەوەی ئەو گومانە هاوکاری ئیوە دەبین تابلۆکانتان وەک کارت و پوستەر چاپ دەکەین و لەڕێی قونسڵ و سەفارەتەکانمانەوە بە هەموو دنیادا بلاویاندەکەینەوە هەروا( لیزەرپاستان) واتا شوناسنامەی سەفەرکردن کە دەوری پاسپۆرتی دەبینی بۆ تەنها وولاتێک بوو بۆ سەفەر بۆ دروست دەکەین هەمووتان بەروە و ئەوروپا بڕۆن و لەوێ پێشانگاو سیمنارو کۆنفراس ڕێک بخەن. لەیە کەمین ساڵ رۆژی یادی بۆمبارانی هەڵەبجەدا. دیارە کە گەڕامەوە بۆ سەقز ئاسان نەبوو هاوڕیکانم ڕازی بکەم بەتایبەتی مامۆستا ڕەمزی زۆر ناڕازی بوو ناهەقیشی نەبوو گووتی گرێنتی چییە کە مۆریکی سوپای پاسداران نادەن لە کارەکانمان !!! هەتا خۆیشم لەوباوەڕەدا نەبوم کە ئێران پەیمانێکی وا جێبەجێ بکات.، بەڵام ئاغای ئەنساری قەولی تەواوی دامێ کەتەنها گرنگی ئەوان لابردنی گومانی بۆمبارانکردنی هەلەبجەیەو هیچی تر .

ئەوە بوو توانیم هاوڕێیان ڕازی بکەم.

(کاک عومەری سەید عەلی) کە تازە لە سویدەوە هاتبووەتاران هاوکارییەکی زۆری کردم بۆ پەیوەندی کردنم بە (هونەرمەند و نمایندەکانی ینک ) لە ئەوروپا بۆ پەیداکردنی گەلەری وهۆڵ. بۆ پیشاندانی کارەکانمان. دیارە (وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامیی ئێران ) راستگۆ بوون لە چاپکردنی تابلۆو پۆستەروو کارتەکاندا بەهەزارەها کارت و پۆستەریان چاپ کردو نیردران بۆ قونسڵ و سەفارەتەکان. نموونەی کارتەکان لەخوارەوەیە.

بەڵام دیارە وەرگرتنی ڤیزە ئاسان نەبوو، ئیمەش پلانەکە وابوو هەردوو هونەرمەند و بچین بۆ وولاتیکی ئەورووپی.

لە ئەنجامی ئەم پرۆژەیەدا هەموو نەمان توانی ڤیزە وەربگرین بەڵام توانرا ڤیزە بۆ مامۆستا ڕەمزی و کاک ڕیبوارو بەرپرسێکی یەکێتی وەربگیردریێت و سەفەر بکەن بۆ فەرەنسا، لە پاریس لە ئینستۆتی کوردی گەلەرییان بۆ پیشاندانی تابلۆکان. ئامادەکردبوو کارەکانمان لەوێ پیشان دران بەئامادەبوونی فرانسوا میترا دەنگدانەوەیەکی زۆر باشیان بەدوای خۆیدا هینا.تابلۆکانمان بەشیوەی کارت و پۆستەر بەهەموو دنیادا بڵاوکرایەوە.

یادکردنەوە و وەبیر هینانەوەی کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە یان کیمیابارانی کوردستان ناکرێ بە تەنها لە مەراسیم و خوان و ماتەمینی دا تەواو بکریت. لەبەرئەوەی (کۆمەڵکوژییە) زۆر گرنگە و هەمیشە ئەم کارەساتانە دەبی کاری جدی و بابەتییان بۆ بکریێت بۆ زیندوو ڕاگرتنیان لە دیدی بیری هەموو نەوەیەکی نوێدا ،بۆ ئەوەی دوپات نەبنەوە. بۆ دۆکمەنتکردنیشیان هونەر وەسیلەیەکی زۆر گرنگی زیندوو ڕا گرتنیانە، هەر بۆیە

لە ڕووی هەستکردن بە گرنگیی(هێڵکاری و وینەوە) بۆ دۆکمەنتکردنی کارەساتی ئەنفال و بۆمباران کردنی هەڵەبجەو گوندەکانی تر بەتایبەتی لە دیدی منالانەوە کە خۆیان شایەت حالی ئەو مەرگەساتانەن و گەواهیەکی زۆر گرنگن لەدوا رۆژدا.

لەگەل هاوریی هونەرمەند ریبوار سعید دا لە گەرمەی کارکردنی خۆماندا هەوڵماندا کە کاری منالانی هەڵەبجە کۆبکەینەوە، بەتایبەت لە یەکی لە ئۆردوگاکانی قوربانیانی هەڵەبجە لە دێیەکی نزیک شاری سەقزە وە بەهاوکاری مامۆستایانی ئەو ئۆردوگایە بەرێزان(تارا خان مامۆستا هیوا ) کاک ریبوار سەردانی ئەو ئۆردوگایەی کردو رەنگ و کاغەزی بۆ بردن پاشان تابلۆکانمان کۆکردەوەوبردم بۆ تاران لە سەنتەریکی هونەری کە پێشانگایەکی مندالانیان هەبوو لەسەر جەنگی عیراق و ئیران و پێش وەخت لەسەر ئەوە ریکەوتبووین ئەگەر ئەوکارانەیان بۆ بەرم ئەوە بەشیوەیەکی جوان نیشانی دەدەن لە تاران.

هەر بۆیە لە مۆزەخانەی هاوچەرخی تاران کە مۆزەخانەیەکی زۆر گرنگی هاوچەرخە، پیشانگای تایبەتییان بۆ کردەوەو وە لە لایەن کاک عەباسی ڤیدۆ وە بەڤیدۆ تۆمارکراوە و لینکی ئەو پیشانگایە لەگەل ئەم نوسینەدایە، دەتوانن سەیری بکەن کە سالی ١٩٨٩ گیراوە.

Anfal Drawings by Kurdish (Halabja) Children in refugee camp ...

وە لەدووای ئەو پیشانگایەوە بەردوام لەهەولدا بووین کە ئەو کارانە نیشانی جیهان بدەین ومیژووی ئەو مەرگەسات و نەهامەتیانەی نەتەوەکەمان لە زمانی منالانی قوربانی جەنگ نیشان بدەین هەر وەک چۆن لە چەندین وولاتی تری وەک ئەرمەنییەکان ئیسپانییەکان کۆلۆبییەکان فەلەستینیەکان ئەلەمانییەکان ..هتد ئەم کارانە کراون.

---

لەهەمان کاتدا بۆ یەکەمین جار چەندین پێشانگای پۆستەری هاوبەشمان بۆ ئەنفال و هەڵەبجە کردەوە لەگەڵ ڕێبواسعید و ئاکۆ غەریب کە لە تاران دەژیا لەوکاتەدا وەک گەلەری خانەی سورە ، مەیدانی ئازادی و سەقزو هەندێ لە شارەکانی تری ئێراندا .دیارە من لیرەدا زۆر بە خێرایی باس لە گرنگیی ئەم چالاکیانە دەکەم ،بەڵام من بۆ خویندنی دکتۆراکەم چاپتەریکی تەواوم داناوە بۆ ئەم میژووە بەهیوام لە ئایندەدا لەبەردەستی خوینەران دا بیت ،
بۆ بەئاگایی زیاتری ڕۆشنبیران و خوێنەران لەم بەشە گرنگەی هونەر کە بەداخەوە لێرەو لەوێ سالآنێکە لەدوای ڕاپەرینەوە هەندێ کەس باس لەهونەری ناو شۆرش و ڕۆڵی هونەر لەوسەردەمەدا دەکەن، بەهیچ شێوەیە
ک ئاماژەیان بەم هەوڵانە، بەشیوەیەکی بێلایەنەو زانستی و ئاکادیمی نە کردووە کە پەیوەندی ڕاستەو خۆی بە میژووی دۆکمەنت کردن و نووسینەوەی گرنگیی جینۆسایدی کوردەوە هەیە ،لە ڕێگەی هونەرەوە هەروەک هەموو گەلانی تر ئیمەش وەک کورد بەهونەر توانیومانە مەرگەساتەکانمان گەر کەمیش بن لە بیری خەڵکدا بهێڵینەوە و بەشداریی میژووی جیهانیان پێ بکەین و جیهان بەئاگا بهینینەوە لەو مەرگەساتانەی کەبەسەر میللەتەکەماندا هاتوون لەرێیی هونەری شیوەکارییەوە.
من پرۆژەی دکتۆراکەم لەسەر دۆکمەنتکردنی کارەساتی ئەنفالە لە ڕێیی هێڵکاریە وە بە هۆی گێڕانەوەی بیرەوەری ١٥ شایەت حاڵەوە لە ئەنفالی( ٢-٣ ) لەژێر چاودیری سێ سۆپەرڤایزەری زۆر بەتوانای خاوەن ئەزمونەوە لە ئەورووپاو ئەمەریکادا. ئیستا لە هەوڵی چاپکردنیدام لەماوەیەکی کەمدا، هیوام وایە بکەوێتە بەردەستی دڵسۆزان وخۆشەویستان و خە مخۆرانی ئەم بوارە.
دەبی ئاماژەبەوەبکەم کە تابلۆکانم گەیاندۆتە گەلەریی و مۆزەخانە هەرە گرنگەکانی جیهان تایبەت بە دۆکمەنتکردنی جەنگ لەبەریتانیا وە، ئەرشیف کراون لەو مۆزەخانەیە کە مۆزەخانەی جەنگی ئیمپریالی بەریتانییە.

تکایە لەم دوو ئەلبومەدا سەیری ئەوکارانە بکەن کە لە پێشانگاکانی ئیران و ئەورووپادا بۆ ئەنفال و هەڵەبجە کێشاومن و هەندێک لەو تابلۆیانە کراون بەکارت و پۆستەرو وە بە دنیادا بلاوبوونەتەوە لە سای١٩٨٩ دا کە بەڕاستی دەبوایە کۆی ئەم تابلۆیانە لە مۆزەخانەیەکی نیشتمانی تایبەت بە ئەنفال و هەڵەبجەدا دابنرانایە بەردەوام هەر وەک ئەو مۆزەخانانەی کە بۆ هۆلاکۆست و هیرۆشیماو کەمبۆدیاو ئەرمەنیەکان و هتد .... دروست کراون بەڵام بە داخەوە بۆ بێ خەمی دەولەت و دەسەڵاتی کوردی و تینەگەیشتنی هەندێ هونەرمەندو بەرپرسی نەشارەزا لەم بوارەدا کە رێگەیان نەداوە گرنگی بەم هەوڵانە بدریت و بتوانریت مۆزەیەکی تایبەت بەم شیوەکارانە تەرخان بکریت. هیوادارم لەئایندەدا زیاترو ووردتر خویندنەوە بۆ ئەم بابەتە گرنگە بکریتەوە .

تیبینی .

لەهەمان کاتدا گرووپی مۆسیقا و شانۆش بەگەرمی لەم کاتەدا لە شاری سەقز سەرگەرمی چالاکیی بوون پیگەیەکی گرنگیان هەبوو لەناو شارەکانی کوردوستانی ئەودیودا.



*Figure:* Osman Ahmed. *Halabja Chemical Bombing,* 1988, Oil (120x100cm), Saqqez



*Figure:* Rebwer Kaled (Ardalan), *Chemical Bombing,* 1988, Oil on canvas, 30 x 42 cm





*Figure 27:* Rebwer Kaled (Ardalan), *Chemical Bombing,* 1988, Oil on canvas, 30 x 42 cm



*Figure 28:* Ramzy Qutbadin, *Chemical Bombing,* 1988, Oil on canvas, 30 x 42 cm



**Halabja, the city of silent images**

In the spring of 1988, time came to a standstill in a beautiful and prosperous city called "Halabja". Men, women and children, aged and young reposed silently and unperturbed beside one another, without even having a respite to blink. The dolls fell asleep so did the infants. The lips of the sucklings fixed on to the breasts of their silent mothers. Cars came to a total halt, hands locked on to the steering wheels. There were resting places everywhere, even on the mud roads, plains and rugged asphalts of the streets. "Poison gas" had mercilessly turned the lively town into a museum of silent people in various postures. "Peace for all' and "farewell to arms" are the mottoes and cravings of the contemporary humanity not willing to experience once again the horrors of the holocaust in "Hiroshima" and "Nakazaki".

But also, the Halabja catastrophe, the genocide of defenceless and innocent Iraqi Kurds came as an ear rending alarm to the freedom lovers in the world.

People who remember the tragedies and sufferings of the second world war and the massacres in "Hiroshima" and "Nakazaki" have all along dreaded the birth of a criminal who could cause another disaster. But Halabja carnage put an end to this rightful and pleasing wishful thought.

Who will lament the death of the people of Halabja? Even the world organizations, authorized to probe and responsible for the security of humankind, have kept mum over this "crime of the century". Oh! you lovers of freedom and peace!, let us endavous for a lasting peaceful nd beautiful coexistence, away from nuclear, chemical and biological weapons in the world.












Figure 29: Poster of our Paris exhibition, 1990